# کورتنووسین یا ڕاستنووسین؟

ماوەیەک لەمەوبەر لە فەیسبووکی مامۆستا کامل ژیر، هاوڕێی دێرینم و تێکۆشەری ڕێی کوردایەتی بابەتێکم خوێندەوە کە (توێژینەوەیەکی زمانەوانی سەبارەت ڕێنوسو ڕێزمانی کوردی) بوو. ڕاستیەکەی ئەگەر لە فەیسبووکی خۆی نەبووایە، هەرگیز باوەڕم نەدەکرد کە نووسینی مامۆستا ژیر بێ. پاشان سەیرم کرد کۆمێنت نووسراوەو بەڕێزیان وەڵامی داوەتەوە، ئیدی دڵم داخورپا، بەڵام هێشتا گومانم هەر هەبوو، بەلاقرتیوە تیرێکم هاویشت و نووسیم کە تیری دیکەم بۆ نووسینەکەت دەبێ، بەڕێزیان وەڵامی دابۆوەو نووسیبووی (کاکە ریکار: وەڵامەکەم هەڵئەگرم بۆتیرەکانیترت، ئەیخۆمنیش هەر بۆشەڕەتیر ئەو توێژینەوەیەم پێشکەشکردوە. ئەگەر ئامانجتپێکا، سوپاستئەکەمو ئەڵێم ماڵی قەڵب سەری خاوەنی ئەگرێتەوە. ئەگەر نەتپێکا ئەبێ هەردو دەستت بەرزکەیتەوە. داوەریش لەنێوانمانا خوێنەرەوەی بەڕێزە. هەر شادبی هاوڕێی دێرینم). ئیدی منیش بەدوای دەرفەتێک بووم کە بڕەخسێ و تیرەکانم بهاوێژم.

لە دەسپێکدا مامۆستا 'پاشکەوت لەڕێنوسا'ی کردۆتە ئامانج و دەیەوێ کورتنووسین ساغ بکاتەوەو گوشراوی ئەو کورتنووسینە نۆش بکەین، بەڵام مخابن هەر لە بەراییدا ساتمەی کردووە، چونکە سەرچیغ نیشانەی گرتووە.
سەرەتا نوقرچەی لە پیتی 'وو' گرتووە و وای پێشانداوە کە لەدەسپێکی وشەدا نابێ 'وو' بنووسرێ، بێگومان ئەمەیان ڕاستە چونکە لە زمانی کوردیدا هەرگیز 'وو' لە دەستپێکی پەیڤ نایە، ئەوەی یەک تۆز شارەزایی لە زمانی کوردیدا هەبێ، دەزانێ کە نابێ لە سەرەتای وشەدا پیتی 'وو' بنووسرێ، چونکە بوونی نییە.
لەلایکی دیکەوە دەبێ باش بزانین کە 'گۆ'کردنی 'و' لە 'وو' جیاوازە و هەر بەتەنیاش ئەو دوو وشەیە نییە کە مامۆستا ئاماژەی پێکردوون.
مامۆستا پێیوایە ئەگەر بە یەک واویش بنووسرێ (خوێنەری بەسەلیقە لەمەبەستەکە ئەگا. واتا ئەزانێ مەبەست کورە، یا مەبەست کوورە. هەروەها چون و چوون). گەلۆ ئێمە کار لەسەر ڕێزمان دەکەین یان خوێنەری بە سەلیقە؟ دە خۆزگە لە جیاتی سەلیقە پەیڤێکی دیکەی دەنووسی!

مامۆستا پێیوایە تەنیا 'کوڕ و کووڕ'، 'چون و چوون' هەن!! ، بۆ ساغکردنەوەی ناچارین بەدوای وشەگەلێکی دیکەدا بڕۆین و ئەم وشانە بەسەر بکەینەوە:

کوز و کووز

کوز (قوز) واتای 'زێ' ئەندامی مێینە دەدا، بەڵام کووز واتای لەت، پارچە دەدا. زۆر لەیەکتر جیاوازن و نابن بەیەک وشە.

کول و کوول

کول بە پێچەوانەی وشەی تیژ دەکار دەکرێ، بەڵام کوول واتای وەرەم دەدا، لە هەندێ شوێندا لە جیاتی لووتکە دەکار دەکرێ.

کون و کوون

واتاکانی 'کون و کوون' زۆر لە یەکتری جیاوازن. دەگوترێ "لەکاتی کارکردندا بزمارێک لەپێڵاوەکەی ڕاچوو، کونی کرد". "کابرا هێندە کاری کرد کوونی دڕا" دەی بەڕێزان خۆتان سەرپشک بن، ئایە کون و کوون هاوواتان؟

مامۆستا نووسیویەتی: (تێچوو کێشو ئەستووریی پەڕتوکەکە بە ڕێژەی ١٥٪ کەمئەبنەوە). لێرەدا دەنووسم کە کورتکردنەوەی وشە هەروا بە ئارەزوو نابێ. بچووککردنەوەی قەوارەی پەڕتووک، کەمکردنەوەی کێش و تێچووی چاپکردن پاساوی بێبنەمان و پەسند ناکرێن. دیارە مامۆستا دەیەوێ شوێنپێی حکومەتی هەرێم هەڵبگرێتەوە، چونکە دوای ئەوەی حکومەتی هەرێم  پاشکەوتی مووچەی داهێنا، ئیدی مامۆستا ژیریش 'پاشکەوت'ی لە ڕێنووس داهێناوە.

مامۆستا لە پێوەند بە'و'ی بەستنەوە (نەک لکێن) داوا دەکا بەمجۆرە بنووسرێن: (شاڵاوو وریا، ڕاوو وازی، چاوو ورگ، گوشراوو وشک جا ئەمە خۆ بەس یەک بۆشایی (سپەیس)ی زۆرترە، ئایا دەکرێ لەسەر یەک سپەیس کۆڵەگەیکی ڕێزمان بشکێنین؟

لە تێچنەکانی پێشوودا باسی 'و'ی بەستنەوەم کردبوو، بۆیە دووپاتی ناکەمەوە، چونکە هەموو نەتەوەکانی دیکە بە جیا دەینووسن و نایلکێنن. زمانەکانی ئینگلیزی، سویدی، ئەڵمانی، فارسی و عەرەبی. خۆ ئێمە لەوان باشترو پێشکەوتووترنین؟

واوی بەستنەوە لە زمانی عەرەبی بە واوی عەتف ناودەبرێ و لە نێو ئامرازی بەستنەوە دایە، لە زمانی فارسی بە ناوی  حروفێ ڕەبت (حروف ربط) و لە

زمانی ئینگلیزی بەناوی کۆنجەکشن و لە زمانی سویدی بەناوی کۆنیۆنخونەر دەناسرێ، بەڵام بۆچی مامۆستا کردوویەتی بە وای لکێن؟ بەڕاستی جێی پرسیارە؟

**بۆ ناسینی پاشەکەوت دەبێ لە ڕێزمانی دیتران وردبینەوە، بۆیە بەپێویستی دەزانم چەند نموونە لەزمانی دیتراندا بهێنمەوە.**

och

لە زمانی سویدیدا ئامرازی بەستنەوەیە، بەسێ پێت دەنووسرێ و بە یەک پیت گۆدەکرێ. واتە (**ئو سێ هۆ**) دەنووسرێ بەڵام لە خوێندنەوەدا تەنیا 'و' گۆ دەکرێ و کەسیش نالێ بیگۆڕێن.

You

لە ئینگلیزی بە سێ پیتی (**وای ئۆ یو**) بەڵام بە 'یو' دەخوێندرێتەوە.

skiljer

لە سویدی ئاوا دەنووسرێ بەڵام دەخوێندریتەوە خیلێر، واتە هەردوو پیتی (س ک) دەبن بە 'خ' بەڵام زمانزانان نەهاتوون ئەمە لابدەن و تەنیا پیتی خ بنووسن کە زۆر ئاسانترەو کورتتریش دەبێتەوە.

sjuk

ئەم وشەیە بە پیتەکانی (س ژ و ک) دەنووسرێ، بەڵام بە (خوک) دەخوێندرێتەوە.

sjuksköterska

ئاوا دەنووسرێ بەڵام دەخوێندرێتەوە، خوخۆتوشکە، واتە سێزدە پیت دەنووسرێ بەڵام نۆ پیت گۆ دەکرێ.

skärholmen

ئاوا دەنووسن، بەڵام دەخوێننەوە خارهۆلمن، واتە دە پیت دەنووسن، بەڵام هەشت پیت دەخوێننەوەو کەسیش گلەیی ناکات و کەسیش خۆی ناکات بە سەرپارەو داوای گۆڕینیان ناکا. باشە زمانزانەکانی ئەوان لە نەزانییەوە هەستیان پێنەکردووەو درکیان بەو ڕاستیە نەکردووەو کورتیان نەکردتۆتەوە؟

ئەو نموونـــانەی کە ئامـــاژەم پێـــدان، ئەگەر پشـــت لە ڕاستنووســـین بکـــرێ و کورتنوســـین بکـرێ بە ئامـانج، ئیـدی ئەوانـیش وادەکەن، کەواتە ڕاستنووسـین ئامانجی گشتییە نەک کەمکردنەوەی قەبارەو بارستایی لاپەڕەی پەرتووکەکان.

'ئەلف بائی' زمانی عەرەبی لە بیست و هەشت پیت پێکهاتووە، چواردە پیتیان لە بازنەی لامی شەمسی (اللام الشمسية) دان، ئەمەش بەو واتایە ئەگەرئەلف لام (أل) خرایە سەریان ئەوە لامەکە ناخوێندرێتەوە. ئەوان دەنووسن:

**(التفاحـة، الثعلـب، الدراجـة، الذبابـة، الرحمـة، الزراعـة، االسّـيارة، الشمسـية، الصـيادة، الضـفدع، الطائرة، الظبي، الليلـة، النظارة)**، بەڵام دەخوێـدرێنەوە **(أتفـاحَ، اثعلـب، أدراجَ، اذبابَ، أرحمَ، أزراعّ، أسّيارَ، أشمسيّ، أصيادَ، أضفدع، أطائرَ، أظبي، ألیلَ، أنظارَ)**.

ئەمـانەو هەزاران وشـەی دیکە، جـا ئەگەر ئامـانج کورتنووسـین بـێ و پشـت لە ڕاستنووسـین بکـرێ، ئەوانـیش دەتـوانن وابکەن، بەڵام دەزانـن هەڵەیە، هەرگیـز هەنگاوی وا هەڵناگرنەوە.

لەڕێنووســی فارسـیدا پیتەکـانی 'ث، ح، ع، ص، ض، ط، ظ' دەنووسـرێن، بەڵام وەک خۆیـان گۆ نـاکرێن. دەنووسـن (حسـین و حسـن) کەچی دەخوێندرێتەوە: (هوسێن و هەسەن)؛ دەنووسن (عظیم) کەچی دەخوێننەوە (ئەزیم)؛ دەنووسـن (ضرب المثل) کەچی دەخوێننەوە (زەربولمەسـەل)، جـا ئەمـانەو سـەدان وشـەی تر.

ئەگەر مەبەسـتمان پاشـەکەوتکردن لە ڕێنـووس بـێ، دەبـێ وشـە هاوواتاکـان هەڵبژێـرین کە پیتەکانیـان کەمتـرە، بـۆ نمـوونە (لەجیـاتی فڕۆکەخـانە بنووسـین فڕگە، لەجیـاتی  قوتابخـانە بنووسـین فێرگە، لە جیـاتی خـوێن بنووسـین خـون، لەجیـاتی رابـردوو، دەتـوانرێ بنووسـرێ 'بـووری'، لەجیـاتی هەڵە بنووسـرێ شاش، لەجیاتی کەموکورتی بنووسرێ کێماسی، لەجیاتی ئێسـتا بنووسرێ نها، لەجیـاتی قوربـانی بنووسـرێ گـۆری، لەجیـاتی هەڵکـۆڵین بنووسـرێ کـۆلین، لەجیاتی دەوڵەمەند بنووسرێ زەنگین،.....)

مامۆسـتا هەر سـێ پیتـی 'ح، ع، ق' بە پیتـی نـامۆ دەناسـێنێ! هەربـۆیە زەرگی لە پیتی 'ق' داوە، منیش بە مامۆستا دەڵێم: ئەگەر کێشەی پیتـی 'ق' هەر بەلابردنـی پەیڤەکانی 'قسە'، 'قەڵەو' و 'قرتەقرت' یان گۆڕینیان بە 'ک' یەکلایی دەبێتەوە، بـا سندانیان لێبدات و فڕێیـان بدەین، بەڵام گرفتەکە لەمە گەورەتـرە. خـۆ ئەگەر لە دەسپێکدا ئەو پیتە نەبووبێ، یـان ڕەزاگران و نـاحەزیش بـێ، بەڵام ئێسـتا لەنێو

سەدان وشەدا خۆی گونجاندووە، بە گۆڕینیان بۆ 'ک' چارەسەر نابن، دەبا سەیری ئەم وشانە بکەین:

قاس و کاس

قاس بەواتای چەند و بۆ هەندازەگرتن بەکاردێ، بەتایبەتیش بۆ ژماردن و پێوانە، بەڵام کاس بەواتای مێشک پڕبوون و سەرگێژبوون دەکار دەکرێ، بەتایبەتیش ئەگەر دەنگی بڵنگۆ زۆر بەرزبێ، یا دەنگێکی بەرز لە فڕۆکەو شەمەندەفەرو شتی دیکەوە بێ.

قان و کان

قان بە واتای پارچەیێکی بچووک دەکار دەکرێ؛ دەگوترێ قانێک زەویم داچاندووە. واتە پارچە زەوییێکی چووکەم داچاندووە. دەگوترێ: قانە دڕکێک لەناو بێستانەکەماندا شینبووە، بەڵام کان بەواتای مەعدەن دێ، وشەی کانزاش هەر لە 'کان'ەوە دروست کراوە. لەلایێکی دیکەوە 'کان' بەواتای سەرچاوە دێ، وشەی 'کانی'ش هەر لەکانەوە هاتووە. لە کوردەواری دەگوترێ لە کانگەی دڵمەوە، واتە لە سەرچاوەی دڵەوە. هەڵبەت کانگە لە 'کان'ەوە دروستکراوە. کەواتە قان و کان نە یێک شتن و نە دەشبن بە یێک.

قرتاندن و کرتاندن

قرتاندن بەواتای بڕین و لێکردنەوە دێ، کەچی کرتاندن واتای لێکردنەوەی بە هێواشی دەدا. نموونە:

١/ گوڵەکان مەقرتێنە!

٢/ مشکەکە پەتەکەی کرتاندووە.

کاری قرتاندن بەیێکجار روودەدا، بەڵام کاری کرتاندن پڕۆسەیێکی لەسەرخۆیە و ماوەیێکی زۆری پێدەچێ.

قوڕ و کوڕ

هەڵبەت هەردوو وشەکە واتای جیاوازیان هەیە و پێویست بە شێکردنەوە ناکا، ئایە دەکرێ یەکیان گۆڕی ئەوی تریان بکرێ؟ ئەگەر پیتی 'ق' لە زمانی کوردی

فڕێ درا، ئەوکاتە بێ قوڕ دەمێنینەوە، جا خەڵک لەکاتی پرسەو گرفتەکاندا سەر لەچی بنێن؟
لە کوردیدا دەگوترێ: مردووی سەربەقوڕ. یان پرسەدارسەری لەقوڕێ نابوو.

قل و کل
قل واتای دەنک و دانە دەدا، بەڵام کل هاڕاوەیەکەو بۆ رەشکردنی چاو دەکار دەکرێ. لە کوردەوارییدا کل و کلچوک هەبووەو هەیە. ئەگەر پیتی 'ق' بکەین بە 'ک' ئەوکاتە لە جیاتی دانەیەک هاوڕێ، دەنکێک دۆست دەبین بە خاوەنی کل و دەبێ خۆمانی پێڕەش بکەین.

قول و کول
قول بە واتای قاچۆکە دێ، کول بە واتای برین و ژان دێ. بەوهۆیەوە هیچیان جێی ئەویتر ناگرێتەوە.
نموونە:
١/ سەیری قاچ و قولی ئەم کچە بکەن.
٢/ زمانی کول بووە.
٣/ دلی من تژی کول و کۆڤانە.

قەل و کەل
قەل، باڵندەیەکی رەزاقورسە و لە کوردستانیش زۆرە، هەروەها لە دەڤەری سلێمانی بە 'عەلەشیش' دەگوترێ قەل، کە پەلەوەرێکی کەویە 'ماڵییە'، لە هەولێر قەلەڕەشکەو قەلەباجکە، قەلەتڕۆ هەن، ئەگەر پیتی 'ق' لەوانە بکرێتەوە، دەبن بە کەل، لەکاتێکدا کەل واتای دیکەی هەیە، دەگوترێ (خۆر لە کەل دەرهات). باشە ئەوکاتە یان بێقەل دەبین یان کەل نامێنێ تا خۆری لێوە هەڵبێ؟

قیت و کیت
قیت بە واتای کێل بوونەوە، ڕاستبوونەوە، بەرزبوونەوە دێ، کە پێچەوانەی لار و خواربوونەوەیە، بەڵام کیت واتای چەند (هەندێک) دەدا، جا ئەگەر پیتی 'ق' لە

وشـەی 'قیـت' بە پیتـی 'ک' بگـۆڕدرێ واتـاکەی خـۆی ون دەکـا. هەروەهـا کیـت بەواتای بڕگەش دەکار دەکرێ.

قۆز و کۆز

قۆز بە واتای جوان و ڕێکوپێک دێ بەڵام ئەگەر 'ق' کرا بە 'ک' ئەوکاتە دەبێ بە کۆز کە واتای شوێنی بەرخ دەدا، ناچارم بپرسم: ئەرێ بەم کارە زمان جوان دەکەین یان تێکیدەدەین؟

قۆڕ و کۆڕ

قۆڕ واتای نـابەجێ و ناپەسند دەدا، بەڵام کۆڕ واتـای سیمینارو کۆمچڤین دەدا، ئەرێ دەکرێ پیتی 'ق' لە وشەی قۆڕ بە پیتی 'ک' بگۆڕین؟ جا ئەو کاتە چی لە گونی قۆڕ بکەین؟

قۆڵ و کۆڵ

قۆڵ واتای باسک دەدا، ئەگەر کرا بە کۆڵ واتـای پشـت دەدا؛ دەگوترێ: قۆڵیان لە قۆڵی یەکدی هەڵکێشابوو. جا ئەگەر 'ق' گۆڕدرا بۆ 'ک' ئەوکاتە دەبێ بگوترێ کۆڵیـان لە کـۆڵی یەکتـر هەڵکێشـابوو. ئەمەیـان نەک هەر ڕوونـادا، بەڵکـو جێـی پێکەنینیشـە. دەکرێ مامۆسـتا خـۆی بەم لێکدانەوەیەی خـۆی کە قـۆڵ دەکـا، بە کۆڵ پێنەکەنێ؟

قڕ و کڕ

قڕ واتای 'لەبێنبردن، لەناوبردن، فەوتاندن، جینۆساید و خنکاندن' دەدا، بەڵام کڕ بە واتای بێدەنگ دێ، ئایا دەکرێ بکرێن بەیەک وشە؟

قرچ و کرچ

قـرچ و قرچەقـرچ دەنگـێکەو لە شـکانی (شـکاندنی) دار یـا شـتێکی مەیـلەو ڕەق دروست دەبێ، بەڵام کرچ بە میوەو بەرهەمـی نەڕەسـیو دەگوترێ، ئەگەر پیتی 'ق' بە 'ک' بگۆڕین یا دەنگی شکانی دار دەفەوتێ یان میوە یەکسەر پێدەگا.

قنج و کنج

قنج بەواتای جوان دێ، کەچی کنج واتای جلوبەرگ دەدا. نموونە:

١/ منداڵەکە زۆر قنج دانیشتبوو.

٢/ کنجی ئەم پیاوە زۆر سەردەمیانەیە.

٣/ کنجێن وی گەلەکی بوهادار بوو.

٤/ ل باژێر کێم کەس کنجێن هەرێمی ل خوە دکن.

٥/ مە کنجێن کوردی ل خوە کرنە.

تەقاندن و تەکاندن

تەقاندن بەواتای دڕاندن و هاوێشتن دێ، کەچی تەکاندن بەواتای داوەشاندن و هەژاندن دێ. نموونە:

١/ پفدانەکە بتەقێنە! (میزڵدانەکە بتەقێنە!)

٢/ دەی فیشەکێک بتەقێنە!

٣/ دارتووەکە بتەکێنە!

٤/ مافورەکە زۆر تۆزاوییە، بەباشی بیتەکێنە!

کاری تەقاندن لە کاری تەکاندن جیاوازە و نابن بەیەک. کاری تەقاندن بەیەکجار یا لەناوکاو ڕوودەدا و تەواو دەبێ، بەڵام کاری تەکاندن بەجارێک و دووان تەواو نابێ و کاتی زۆری پێدەوێ.

زەق و زەک

زەک بە واتای چۆرە ئاوی لووت دەکار دەکرێ، واتە 'چلْم'چرمێکی کەم، کەچی زەق واتای کراوە و دەرپەڕیوو دەدا، ئیدی بەوهۆیەوە 'زەک' ناتوانێ جێ بە 'زەق' لەق بکا.

قەد و کەد

قەد واتای بەژن و باڵا دەدا، بەڵام کەد واتای کار و ئیش دەدا، هەگەر پیتی 'ق' گۆڕا ئیدی قەد دەبێ بە کار. نموونە:

بیست و چار ساڵ دەربازدبن ل سەر کەد و خەباتا بنگەهێ لالش. (ئەم ڕستەیە لە ئینتەرنێت وەرگیراوە).

شەق و شەک

شەق واتە زللە، بەڵام شەک بە بەرخی نێر یان کاوڕی نێر دەگوترێ کە هێشتا تەمەنی نەگەیشتۆتە دووساڵ، واتە هێشتا نەپەڕیوە و نەبووە بە بەران.

چەق و چەک

چەق واتە ناوەڕاست، نێوەند و سێنتەر، بەڵام چەک واتاکەی دیارە بەو ئامێرە دەگوترێ کە تەقە دەکات و دەکوژێ.

چۆق و چۆک

چۆق یان چۆقەچۆق بۆ هەڵلەرزین دەکار دەکرێ، بەڵام چۆک هاوتای 'ئەژنۆ'یە.

دەق و دەک

دەق هاوتای 'نص'ی عەرەبی و 'متن'ی فارسی و تێکستی ئینگلیزیە، بەڵام دەک شێوەیێکە لە دەربڕینی ناڕازی بوون. نموونە:

١/ دەقی نووسینەکەم بۆ کوردی گۆڕیوە.

٢/ دەک داوەشێی پیاو، نەمزانی هێندە سووک و چروکیت!

لەڕێی ئەو نموونانەوە بەو ئاکامە دەگەین کە 'دەک' ناتوانێ جێی 'دەق' بگرێتەوە.

سووق و سووک

سووق بەواتای سوێبوونەوە دێ، بەڵام سووک بۆ کەمکێش و بێڕێز و بێڕەوشت دەکاردەکرێ.

لۆقە و لۆکە

لۆقە واتە نەرمەغار بەڵام لۆکە واتە پەمۆ، یان شتی نەرم.

لیق و لیک

لیق شلەیێکی مەیلەو چەورە، مرۆڤ لە خۆیەوە بێزی لێدەبێتەوە، ژمارەیێک کرمی لیقن هەن، بەڵام لیک ئاوی دەم (زار)ە کە بەبێویستی مرۆڤ دێتەخوارێ. لیق و لیک نەهاوواتان نەدەشکرێ ببن بەیێک.

بۆق و بۆک

بۆق گیانەوەریێکی جوانکیلەی وشکاوییە،واتە لە نێو ئاو و وشکانیدا دەژی، لە بادینی پێیدەگوترێ 'بەق'، بەڵام بۆک هەمان 'بووک'ە، کەسێکە کە تازە شوو دەکات، ئەویش جوانکیلەیە، بەڵام هاوواتانین و ناشبن بەیێک.

شاقەڵ و شاکەڵ

شاقەڵ بەوداوێنە دەگوترێ کە درێژ و شۆڕ بێ، بەڵام شاکەڵ، واتای شای کەڵان دەدا.

شەقاو و شەکاو

شەقاو واتای هەنگاو دەدا، بەڵام شەکاو واتای لەرینەوەو پیرۆزبوون دەدا.

شەقاوەو شەکاوە

شەقاوە بەواتای سەرسەری و ڕێگر دێ، بەڵام شەکاوە بەواتای لەرینەوە دێ. دیارە شەقاوەی کوردی لە وشەی 'شقاوة'ی عەرەبی جیاوازەو هاوواتانین.
نموونە:
١/ کابرا شەقاوەیەو خۆتانی لێلابدەن.
٢/. ئاڵاکەمان شەکاوەیە.

قۆچ و کۆچ

قۆچ بەواتای شاخ دێ. کەچی لەهەندێ شوێندا شاخ واتای چیا دەدا. ڕاستیەکەی قۆچ زەرگی سەری ئاژەڵە. وەک قۆچی بەران، قۆچی گا، قۆچی قوربان، بەڵام کۆچ بۆ ڕەو، سەرهەڵگرتن و شوێن گۆڕین دەکار دەکرێ.

قوڵنگ و کوڵنگ

قولنگ باڵندەیەکی جوان و هاوشێوەی مراوییە، بەڵام کولنگ ئامرازێکە بۆ خاک و زەوی هەڵکۆڵین. دەی ئەگەر 'ق'ی قولنگ بکرێ بە کولنگ، شوێنەواری باڵندەکە نامێنێ.

قونکە و کونکە

قونکە واتای بن یان کورت دەدا، وەک قونکەپیاز، قونکەجغارە، قونکەپیاو، بەڵام کونکە واتای هەڵدڕین دەدا. ئەگەر پیتی 'ق' بۆ 'ک' بگۆڕین دەبێتە کونکە، دیارە کونکە واتاکەی زۆر لە قونکە جیاوازو دوورترە.

قۆت و کۆت

قۆت واتای رووت یا بێبەرگ دەدا، بەڵام کۆت واتای زنجیرکردن یا بەستنەوە دەدا. جاران ئەگەر کەسێک جامانەی لەسەر نەنابایە، دەگوترا: (کابرا بۆتە ئەفەندی و سەری قۆت کردووە)، واتە سەری رووت کردووە، بەڵام هەگەر بگوترێ سەری کۆت کردووە، واتە سەری بەستاوەتەوە. لەکاتی گۆڕینی 'ق' بۆ 'ک'، ئیدی سەر قۆتەکان هەموویان دەبن بە سەرکۆتکراو.

قەف و کەف

قەف بە شتی لوولدراو یان ئەستوورکراو دەگوترێ، وەک قەفی چیا، قەفی سمێل، قەفی جامانە، بەڵام کەف زۆر جیاوازترە، هەمووشمان رۆژانە کە دەموچاومان دەشۆین کەفی سابوون دەبینین. ئەگەر شتێک بە هۆی ئاو یان هەواوە هەڵم دروست بکا دەگوترێ کەف، وەک کەفی سابوون، کەفی دەریا، کەفی شیر، کەفی دەم و ئەمانەو دەیانی دیکە. جا ئەگەر پیتی 'ق'ی قەف بگۆڕین، ئیدی سمێڵ کەف دەکا و دەبێ بە وردی لێیبڕاونین!!

قەند و کەند

قەند پێکهاتەیێکی شیرینە، لە چەوەندەر بەرهەم دەهێنرێ و شەکرئاسایە، قاوەو چای پێشیرین دەکەن، بەڵام کەند بە شوێنی قوڵکراو، چاڵ یا زەویهەڵدڕاو دەگوترێ، ئەگەر پیتی 'ق'ی قەند بە 'ک' بگۆڕین، ئیدی خەڵکی ناتوانن دیشلەمە بخۆنەوە.

قەی و کەی

قەی بەواتای خۆزگە، یا 'دەڵێی' دەکاردەکرێ، کەچی کەی ئامرازی پرسیارە، ناکرێ بکرێن بەیەک وشە.

فێرخوازی پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم، مامۆستاکەمان ناوی سەعید مەجید حەمید بوو، خەڵکی سلێمانی بوو، تابڵێی کوردپەروەرو رێزدار بوو، ڕەوانەی گوندی خەزنەی دەشتی هەولێر کرابوو، دەیانگوت کۆمۆنیستە، هەندێکی دیکە دەیانگوت لەگەڵ بەرپرسی لقی سلێمانی پارتی کێشەی هەبووە بۆیە بۆ هەولێر دوورخراوەتەوە. ئەوکات پێموابوو کە پیتی 'ق' تورکیەو بۆ ناو زمانی کوردی هاتووە، زۆرم رک لێدەبۆوە. جارێکیان دوو هاوپۆلم بەشەڕ هاتبوون، یەکێکیان زۆر تووڕە ببوو، ئاشت نەدەبۆوە، مامۆستا سەعید گوتی: (رۆڵە بۆ وا رق ئەستووریت، دەبڕۆ لەگەڵیا ئاشت بەرەوە!) منیش لە ژێر لێوانەوە گوتم رق نا رک! مامۆستا گوێی لێبوو، گوتی: (پێتوایە کوردی نییە؟) گوتم دەڵێن تورکییە، گوتی: نا وانییە، کە گەورەبوویت بۆت دەرئەکەوێ کە کوردییە) نوکە دڵنیام کە مامۆستاکەم زۆر ڕاست بوو، هەزار درود لە گیانی بێ. مخابن ئەو لە ساڵی ١٩٧٥ بۆ سلێمانی گەڕایەوە، بەڵام شوێنبزر بوو، دەگوترا بە ئۆتۆمبێل ملیان لێناو کوشتیان.

مامۆستا کامل ژیر زۆر بە سووکی سەیری پەیڤی 'قسە'ی کردووەو گوتویەتی کە لە 'قصة'ی عەرەبی هاتووە!! بەڵام پێینەگوتووین کە لەجێی قسەڵۆک، لەجێی قسەوباس و قسەخۆش چی دەکاربکەین؟

مامۆستا پێیوایە کە قسە عەرەبیە و کوردیەکەی 'وتە'یە. ئەمە لەکاتێکدایە کە وتە کورتکراوەی 'گوتە'، 'گۆتە' و 'گۆتن'ە. ڕاستیەکەشی 'گۆتن' لە 'وتن' دروستترە. بلٚنگۆ، ڕاستگۆ، گفتوگۆ و..... هەن. ئەوەتا مامۆستا پەرویز جهانی بە دڵنیاییەوە دەڵێ کە وشەی 'قسە، قسا، قززی' لە ئاوێستادا هاتوون. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر قسە بۆ نێو زمانی کوردی ئاوگەلە بوویێ، بۆچی لە نێو فارسی دەری (تاجیکستان و ئەفغانستان)دا بە شێوەی قەسە دەکار دەکرێ. هەبوون و بەکارهێنانی وشەی 'قسە' لەنێو زمانەکانی کوردی و فارسی دەریدا پاڵپشتی لە قسەکەی مامۆستا پەرویز جهانی دەکەن، چونکە لۆژیک پەسندی

ناکات کەهەر بەرێکەوت "قصة"ی عەرەبی هاتبێ بۆ نێو دوو زمانی کوردی و فارسی، لەهەردووکیشیان بووبێ بە قسە! ڕاستیەکەی ئەوەیە کە زمانی ساسانی دایکی ئەو دوو زمانەیە، واتە یێک چاوگەی هاوبەشیان هەیە.
لە زمانی کوردیدا وشەی چیرۆک واتای 'قصة'ی عەرەبی دەدا و لە زمانی فارسی دەریشدا 'داستان' واتای 'قصة'ی عەرەبی دەدا.
هەر لەم پێوەندەدا تکا لەمامۆستا و خوێنەران دەکەم کە لەو وشانە ورد ببنەوە کە پیتی 'ق'یان تێدایە: (قاف= سەر؛ قانۆک= گیایەکە کو بەنیشتی ژێ دگرن؛ قەلەم کوردییە، یوونانان ژ مە گرتنە کرنە قالامۆس، عەرەبان ژێ ژ یوونانان گرتنە (**ئەمە رای مامۆستا پەرویزی جهانییە**) هەڵبەت بەرێزیان شارەزاییکی باشیان لە زمان و ڕێنووسی کوردی نوێ و دێریندا هەیە؛ قەلی= گۆشتێ کو د ناڤ روون دا تێ قەلاندنێ؛ قەلاندن= براژتنا د ناڤ رون دا؛ قەلینەک= گەنمێ کو ل سەر ئاگر تێتە براژتن؛ قاژک. قاشک= د زاراڤێ سەرحەدێ دا ژ 'تاوە' یێ را دبێژن؛ قەرسین= سەرمابوون؛ قارس= ناوی باژێرێکی کوردستانە؛ قارووتک= بالندەیەکە قارقارۆکە؛ قاس= دەم؛ قاس= ئەندازە، ئەڤ قاسا ل قیاسا عەرەبی نەهاتییە، پەیڤەکە هند و ئاورۆپییە؛ قامک= پەنجە؛ قانگەلاشک؛ قدقدیک= قدانک؛ قرشک= قرشە؛ قرافی= زوقوم، شەونەما قەرسی؛ قدیلانە= ختووکە؛ قیلمقاسێ= دۆشقەلان؛ قوم= جۆرە خۆلێکە؛ قومقومۆک= جۆرێکی مارمیلکەیە؛ قەلۆغان= گیایێکی خۆرسکی بەهارانەیە، لەهەندێ شوێن پێیدەگوترێ سپینۆک. لەهەندێک شوێندا تا دوو مەتر باڵا دەکات، قەدەکەی زۆر بەتامە، خەڵک سپی دەکەن و دەیخۆن؛ قاژقاژە؛ قورگ و قورقوراگە).
 قاقای پێکەنین دەستەواژەیێکی بەرچاوە لەنێو زمانی کوردیدا، ئەگەر 'ق' بکرێ بە 'ک' ئەوکاتە دەبێ بە کاکای پێکەنین، لە کاتێکدا کە کاکا هەمان وشەی 'کاکە'یە. لە فارسی دەری و مازەندەرانیدا هەر بە کاکا ماوەتەوەو لە کوردی بووە بە کاکە. ئەگەر ئەوەش پەسند نەکرێ و بگوترێ کاکا لە کاکە جیاوازە، ئەوکاتە دەڵێم کاکا=کا+کا. دەشزانین کە 'کا' گیای وردکراو، یان قەسەری هاڕدراوەو بە ئاژەڵ دەدرێ.
لە دیماهیدا دەڵێم گریمان پیتی 'ق' لە نێو زمانی کوردیدا نەبووە!! بەڵام خۆ هەنوکە بوونی هەیە و دەیان وشە هەن و بەهۆی ئەو پیتەوە پێکهاتوون و واتادەدەن، کەواتە ناکرێ وەلا بندرێن، ئەگەر دیتران نەتوانن بە باشی پیتی ق

گۆ بکەن، بەڵام دیسانەوە شوێنی خۆی لەنێو 'ئا بێ'ی کوردیدا گرتووەو ناتواندرێ فڕێ بدرێ.
لە لایەکی دیکەوە هەمووان دەزانین کە پیتی 'ق' لەنێو ڕێنووسی لاتینی و هەموو زمانەکانی ئەوڕوپیدا بوونی هەیە، لەوانەیە لەهەندێ شوێن گۆ نەکرێ، بەڵام بوونی هەیە.
Q و K هەردوو پیتەکە لە هەموو زمانەکانی ئەوڕوپیدا هەن.
دەبێ بڵێم هەگە ئەو دوو پیتە وەک یەک گۆ بکرێن، بۆچی ڕەزاگرانەکە لە کۆڵ خۆیان ناکەنەوە؟
سەبارەت بەو پیتە ئاوا نووسراوە:
**Q** or **q** is the 17th letter of the modern English alphabet and the ISO basic Latin alphabet.
مامۆستا کامیل ژیر دوژمنایەتی پیتی 'ق'ی ڕاگەیاندووە، کەچی خۆی وشەکانی قەڵپ، قەبارە و سەلیقەی نووسیوە.

### وشەی لێکدراو

بێگومان وشەی لێکدراو دەبێ پێکەوە بنووسرێن، تەنانەت ئەگەر لە دوو وشەیش زیاتربوون هەر دەبێ پێکەوە بنووسرێن و جیانەکرێنەوە، وەک: (گوێقوتکراو؛ گوڵەبەڕۆژە، دەستشکاو، بەرزەچنار، لووتکەشاخ، دەمپیس، داوێنپیس، تەڵەکەباز، قۆڵبڕ، سمێڵبابڕ، سمێڵفش،......).
وشەی لێکدراو بەهاوکاری پیتەکانی 'و، ە' بێ یا بەبێ هاوکاری، هەردەبێ پێکەوە بلکێندرێن و لەیەک هاوێرنەکرێن. بۆنموونە:
دان+ستان= دانوستان (بەهاوکاری پیتی و)
زار+زگ + زاروزگ (بەهاوکاری پیتی و)
گول+جۆ = گوڵەجۆ (بە هاوکاری پیتی ە)
شەنگ+بێری= شەنگەبێری (بەهاوکاری پیتی ە)
هێلکە+ماسی= هێلکەماسی (بەبێ هاوکاری)
سمێڵ+فش = سمێڵفش (بەبێ هاوکاری)

لەم پێوەنــدەدا مامۆســتا ئەم نموونــانەی هێنــاوەتەوە، داوا دەکــا بنوســرێن: (بەفربارین نەک بەفر بارین، یەکیەک نەک یەک یەک، دودو نەک دو دو، چلچل نەک چل چل، دڵخۆش نەک دڵ خۆش، دڵشاد نەک دڵ شاد، دەسبڕین نەک دەس بڕین، سەرئێشە نەک سەر ئێشە، قەرەداخ نەک قەرە داخ، کونەکۆتر، نەک کونە کۆتر، سەرزل، نەک سەر زل، گاوان نەک گا وان، لێکترازان نەک لێک ترازان)و زۆریتر.
ڕاستیەکەی ئەم نموونانە کە مامۆستا ئاماژەی پێداون، هەرهەموویان پێشووتر وانووسراون، باوەڕناکەم کەسێک هەبێ گاوان و کۆنەکۆترو سەرزل و ئەوانی دیکە لەیەکتر دابڕێ و بە دوو وشەی جیاواز بیاننووسێ.

مامۆستا لەلایەکەوە بانگەشەی ڕاستنووسین دەکا، لە لاکەی دیکەوە بانگەشەی شکاندنی وشەکان دەکا. من سەرم لێدەرنەچوو مەبەستی کێهانە (کامەیانە).
ئایە دەیەوێ ئێمە کورتبنووسین یان ڕێزمانێکی یەکگرتوو بەرهەم بهێنین؟
مامۆستا ئەگەر دەیەوێ پاشکەکەوت لە نووسیندا بکرێ، دەبێ وشە داپاچراوەکان ڕاست بکاتەوە، یان لە دەڤەرێکی دیکە وەریان بگرێ. بۆ نموونە: لەجیاتی دەمەقاڵێ با بنووسێ دمکەدمک؛ لە جیاتی منداڵ بابنووسێ زارۆ؛ لەجیاتی برای هاوسەر یا ژنبرا و براژن با بنووسرێ بیرا). مامۆستا دەبوایە بیری لەوە بکردبایەوە کە 'ڕێ' لە جیاتی 'ڕێگە'، جێ لە جیاتی جێگە بنووسرێن، ئاماژەی بەوە بکردبایە کە کۆمەڵ و کۆمەڵگا (کۆمەڵگە) لەیەک جیاوازان و نابێ تێکەڵاو بکرێن.
مامۆستا باس لە زمانی یەکگرتوو دەکا، کەچی بە چاویلکەی گەڕەکێک لێیدەڕوانێ! من پێموایە زمانەوانی پێویستی بەکەسانی شارەزا هەیە، مەرجیش ئەوەیە کە شارەزایی لەهەموو زاراوەو بنزارەکاندا هەبێ.
سەبارەت بە 'دا'ی دوای وشە، مامۆستا دەنووسێ ئەگەر (دا) هەبوو، با تەنیا (ا) بنووسرێ، بەڵام ئاگای لەوەنیە کە (ا) لە زاراوەی کرمانجی و بادینیدا بۆ مێ دەکار دەکرێ.
دەگوترێ: دایکا من، خوشکا من، ژنا من، کولیژا زمان، زانکۆیا نەورۆز، سترانا کوردی، لیستا هۆزنا، ئەمانەو سەدان وشەی دیکە، بۆیە یا دەبێ (دا) هەر

لابدرێ، یا دەبێ وەکخۆی بمێنتەوە 'بمێنێتەوە'، پاشـەکەوت لە پیت لەبەر دڵـی مامۆستا.
پاشـگرەکانی "دا، وە، ڕا، ڤە" سـتوونن، ڕێزمـانی کوردیـان ڕاگرتـووە ئەگەر دەگـوترێ زیـادەن، بـا هەمـوو لابـدرێن، خـۆ دەمـێکە لە دەڤەری هەولێـر ئەوانە لادراون. با سەیری ئەم دەربڕینانە بکەین:
١/ لەهەولێرێ چووم بۆ سلێمانی. لەجیاتی لە هەولێرەوە
٢/ لەهەولێرێ بەپێ چووم بۆ کۆیە. لەجیاتی لە هەولێرەوە، لەهەولێرێڕا
٣/ بەفر لە بەهار خۆ ناگرێ. لەجیاتی بەفر لە بەهاردا خۆی ڕاناگرێ.

مامۆسـتا زۆر بە پیتـی 'ئـ' سەرسـامە. ڕاسـتە 'ئـ' یەکەمـین پیتـی ئـابێی کـوردی گرتووە، بەڵا زیاتر لە دەڤەری سلێمانی سەرپشک کراوە، کاتێک لەبنجوبنەوانی ورد دەبیەوە، بۆت دەردەکەوێ کە خۆی تێخزاندووە، چونکە ناکرێ پیتێک هەبێ و بەتەنیا لە دەسپێکی وشـەکاندا بـوونی هەبـێ و بـوێری ئەوەی تێدانەبێ کە لە نێوەڕاسـت و کۆتاییـدا ڕۆڵ بنـوێنێ، کەچـی بەمەبەسـتی ئاسانووسـین مامۆسـتا پێداگری لەسەر لادانی چوکڵەو سەروژێر دەکا، کەچی داوا دەکا لە جێی 'د' هەر پیتی 'ئـ' بنووسرێ. (دەکەم دەگۆڕێ بۆ ئەکەم، دەبەم دەگۆڕێ بۆ ئەبەم،.......)
لێرەدا لە هەمووان دەپرسم: ئایا نووسینی پیتی 'د' ئاسانترە یان 'ئـ'؟

سەدان وشـەی کوردی هەن کە بە'ئـ' دەست پێدەکەن، لەوانەیە زۆربەیـان 'پیتـی 'هـ' بووبن و گۆڕابن، هەندێکی دیکە لەزمـانی فارسـی و عەرەبیەوە هـاتوون. بۆ نمـوونە 'آمـد'ی فارسـی هاوتـای 'هـات' ی کـوردییە، کەچـی دەیـان وشـە لەو 'آمـد'ەوە دروسـت کـراون، وەک ئامـادە، ئامـادەیی، ئامادەکـاری، ئامـادەبوون، ئامادەکردن.
هەڵبەت پیتی 'ئـ' لەگەڵ ئەو وشـانەی کە لێیەوە دروسـتکراون لەزمـانی کوردیدا جێی خۆیان گرتـووە، هەرگیز بەپەسـندی نـازانم کە لابـدرێن و بگـۆڕدرێن، بەڵام دەخوازم تا دەکرێ ڕاستینەکان بۆ شوێنی خۆیان بگێڕدرێنەوە.
هەر سـەبارەت بە کورتنووسـین و پاشـەکەوت لە پیت بە پێویسـتی دەزانـم ئەو ڕاسـتیە بـخەمە بەرچـاوان. جـاران هەنـدێک زمـانزان و مامۆسـتای سـلێمانی گاڵتەیـان بە خەڵکی هەولێر دەکرد، دەیـانگوت: چـووی بـۆ شـار؟ هەڵەیەو دەبـێ

بگـوترێ: (تـۆ چوویـت بـۆ شـار؟) ئێسـتا دەرکەوت کە هەولێـر ڕاسـتتر بـووە. لەهەولێـر دەگـوترا (بـابم بێکـار ببـوو)، بەڵام لە گەڕەکـی ئەودیـو دەیـانگوت هەڵەیەو دەبێ بنووسرێ: (باوکم بێ کار بوو بوو).
مامۆسـتا بـاس لە'ت'ی کۆتـایی دەکـا و داوا دەکـا تـا دەکـرێ پیتـی 'ت'ی کۆتـایی ئەگەر ڕانـاوی لکـاو نەبـوو، نەنووسـرێ، بەڵام ئەمە هەر لەبنەڕەتەوە لە هەولێر بوونی نەبووە. دەنووسرێ: (دەخوا، دەڕوا، دەکـا، دەنـوی، دادەنیشـی، غـاردەدا، کاردەکـا، دەشـوا، دەبـاری، دەبـڕی) تەنـانەت لە جیـاتی (ڕۆیشـت، دەگـوترێ: ڕۆیی)، ئەمانەو دەیان وشەی دیکە. ڕاستیەکەی لە هەندێ شـوێنی کوردسـتاندا، 'ان'ی کـۆ کـورت دەکـرێتەوەو تەنیـا 'ن'ی لێـدەمێنێتەوە. لەجیـاتی ماڵەکەمـان دەگوترێ ماڵن؛ لەجیاتی 'ماسیمان خوارد' دەگوترێ 'ماسین خوارد'؛ لەجیـاتی 'دزیمان لێکرا' دەگوترێ 'دزین لێکرا'، ئەمانەو هەزاران وشەی دیکە.
لە هەولێـر هەنـدێ پاشـەکەوتی دیـکەش هەن، بـۆ نموونە:(لەجیـاتی دەسـتەیەک دەگوترێ دەستەیێک، لە جیاتی سـاوایەک دەگـوترێ سـاوایێک، لەجیاتی ئـازایەتی دەگوترێ ئازاتی، لەجیاتی مەردایەتی دەگوترێ مەرداتی) ئەمانەو دەیـان وشـەی دیکە.
لێرەدا ئەگەر بە پێوەرەکەی مامۆسـتا ژێر بـێ، دەبـێ بڵێین کە پاشـەکەوت لە شێوە دەربڕینی هەولێردایە، بەڵام مـن پێموایە کە بـۆ پاشـەکەوت لە وشـە دەبـێ دروستنووسین و ڕاستنووسین پێوەربێ نەک شکاندن و کەلەپچەکردنی زمان.
مامۆسـتا لە شـوێنێک باسـی پاشـەکەوت دەکـا، لە لایکـی تـرەوە زێـدەمزاختی دادەهێنـێ. بیـانۆی مامۆسـتا لە پاشـەکەوت ئەوەیە کە مـادام وشـەکان بەبـێ ئەوانیشەوە هەر هەمان واتا دەدەن، ئیدی پێویست ناکا بنووسـرێن، بەڵام خـۆی نووسـیوویەتی: (تـۆژینەوەیەکم، دەکـرا بنووسـێ تـۆژینەوەکم، کۆنفرانسـەکەوە دەکـرا بنووسـێ کۆنفرانسـەکە، کورتەیەکێتی=کـورتەیەتی، ئەتـوانرێ=دەکرێ، بچوککردنەوەیە=چـــــــــوکەکردنە، ئەورێگەیـــــــــــەی=ئەوڕێیەی، خانوچکەیەکی=خانوچکەکی، پێویستییەکی=پێویستییێکی،
سـەبارەت بە پێشـگری 'لـە، بـە، بـۆ' مـن هاوڕامـانی مامۆسـتام. وەک (لەسـەر مێزەکـە، بـەچاوی تـۆ، بەچـەن؟ بۆخۆمـان، بۆتـۆ باشـە، بەبـەرچاوی منـەوە، بەیارمـەتی، بۆجـوانی، لەبـەر تـۆ) بەسـەریەکەوە بنوسـرێن پەسـنترە، بەڵام بەومەرجەی کە 'دا' لەت نەکرێ و وەکخۆی بمێنێتەوە. وێڕای ئەوانەشـەوە دەبێ

بزانین کە هەرسێ پێشگرەکە بە ناوی گشتییەوە نالکێندرێن. دەبێ بنووسرێ: لە هەولێر، لە خەبات، لە ژووری؛ بە فرۆکە، بە ئەسپ، بە کوردی؛ بۆ سلێمانی، بۆ کوردستان، بۆ هەمووان).

مامۆستا نوقرچەیکی لە 'ێک' گرتووەو دەخوازێ تەنیا 'ێ' بنووسرێ، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە 'ێک' هەر 'یەک'ە، گەر 'ک'ی لێبکوژین، زۆر دەگۆڕێ، با سەیری ئەم رستەیە بکەین:

ڕاست ئەوەیە کە بنووسرێ: کچێ وەرە سەیرکە! وا کچێک بۆ ئێرە دێ.

بەڵام شاشە ئەگەر نووسرا: کچێ وەرە سەیربکە! وا کچێ بۆ ئێرە دێ.

ئایا 'کچێ'ی یەکەم و دووەم هەمان واتایان هەیە؟ بێگومان هەموومان دەزانین کە هاوواتا نین. ئەم 'ێک' و 'یەک'ە لە زمانی سویدیشدا هەیە، بۆ نەناسراو 'ێک' لە پێشەوە دێ و بۆ ناسراو خۆی بە دواوەی وشەکە وەدەنووسێنێ. بێگومان لە کوردیشدا هاوڕێسایە بۆیە ناکرێ 'ێک' ببڕینەوە.

یاگ سکا شۆپە ئێن بوک..Jag ska köpa en bok

یاگ لێسەر بوکن.Jag läser boken

واتاکەی: من یەک پەڕتووک دەکڕم.

من پەڕتووکێک دەخوێنمەوە.

**بۆ کورتکردنەوەی ئەم باسە، بەباشی دەزانم کە ڕامانی خۆم بەکورتی بنووسم:**

**یەک/** پیتی 'ئـ' پیتێکی خۆسەپێنەرو داگیرکارە، تەنیا لە دەستپێکی وشە بوونی هەیە، ئەگەر بکرێ بە 'هـ' کارئاسانی زۆر دەکا، چونکە کاتێک پیتەکان پێشانی زارۆیێک دەدرێ، لە نێوان 'ئـ، ا، ئا' گیر دەبێ و دەپرسێ بۆ لە جیاتی (ئاگر، ئاسن) نەنووسین: (اگر، اسن) بێگومان ئەو لە ساویلکەیی خۆی وادەڵێ، بەڵام ڕاستی تێدایە. هەگەر 'ا' هەر ڕۆڵی 'ئا'ی دەسپێک بگێڕێ، بۆچی هەبێ؟ من پێموایە لە سەرەتا 'هـ' بووەو دوایی سووککراوەو بووە بە 'ئـ' هەروەها هەوڵی داوە کە پیتی 'د'ی دەستپێکی هەندێ کار داگیر بکا، دیارە لە ناوچەیکی بەرتەسک دەستی بەسەردا گرتووە و هەنوکەش ئەو کێشەیەمان بۆ دروست دەکا.

پیتی 'ئـ' هەتا نهاش شەڕ دەکا و دەیەوێ شوێنی 'هـ'ی دەسپێک بگرێتەوە. لە زۆر شوێن دەگوترێ هەینی، کەچی لە هەندێ دەڤەر بۆتە ئەینی، ئینی.

لە کرمانجی دەگوترێ هەسن یا هێسن، کەچی لە زاراوەی سۆرانی بۆتە ئاسن.
وشەی 'هەیوان' لە هەندی شوێن بۆ ئەیوان گۆڕدراوە.
وشەی 'هۆدە' لە هەندێ شوێن بۆ 'ئۆدە' گۆڕدراوە.
جاران دەگوترا 'هاسان' کەچی ئێستا دەگوترێ ئاسان.
لە هەولێر دەگوترێ پەسیو، لەسلێمانی دەگوترێ هەڵامەت، کەچی لە هەندێ شوێن بووە بە 'ئەڵامەت'.
هۆگر لەژێر هەڕەشەدایەو خەریکە بیکەن بە ئۆگر.
ئەمانەش باشترین بەڵگەن و گەواهی دەدەن کە 'ئـ' پیتێکی داگیرکارو خۆسەپێنەرە.
لەدیوێکی دیکەوە دەبێ ئەو ڕاستیە لەبیرنەکەین کە کێبەرکێ لەنێوان پیتەکانی 'ئـ، ح، ع ، هـ' هەبووە، هەتا نهاش هەر بەردەوامە. ئەوەتا لە هەندێ شوێن دەگوترێ ئاسمان، لە بادینان دەگوترێ عاسمان، لە شوێنی دیکە دەگوترێ هاسمان.
کێبەرکێی نێوان 'ح' و 'هـ' لەمێژەو هەر درێژەی هەیە. ئەوەتا 'هەریر' بە حەریر گۆ دەکرێ. هەمەڕێن (هەمە+ڕێ+ن) بووە بە 'هەمرین' و نها بە حەمرین ناسراوەو هەموومان دەڵێین حەمرین.
لە کرمانجیدا دەگوترێ هەفتە، لە سۆرانی بۆتە حەفتە. هەروەها 'هەفت' بووە بە 'حەوت' و 'حەفت'.
'هەموو' ڕاستە کەچی لە زۆر شوێندا بووە بە 'حەموو'.
ڕاستە لە ڕێی زمانی عەرەبیەوە هەندێ وشە هاتوون کە پیتی 'ع'یان تێدایە، وەک عەلی، عومەر، عوسمان، عەبباس، بەڵام وشەی ئەلئانی (الآن)ی عەرەبی لە زۆرشوێنی کوردستاندا بە ئەلعان گۆ دەکرێ، ئەمە هیچ پێوەندی بە عەرەبەوە نیە. هەروەها کاتێک هەور، بە ئەور، یان لە بادینان بە عەور گۆ دەکرێ، دیسانەوە هیچ پێوەندی بە زمانی عەرەبیەوە نیە. لەزۆر شوێندا چاف دەکەن بە چەعف، خۆ ئەم پەیڤە لە عەرەبییەوە نەهاتووە؟
کەواتە زمانی کوردی خۆی باوەشی بۆ پیتی 'ع'کردۆتەوەو پێشوازی لێدەکا.

**دوو**: پیتی 'ر' لە دەسپێکی هیچ وشەیەکدا بوونی نیە، ئەوەی هەیە "ڕ"، بۆیە دەبێ وەکخۆی بنووسرێ.

**سێ**: پیتی 'وو' کێشەیەکی هەیە، ئەویش بە دانانی خاڵ یان ٨ لەسەری یان ٧ لەبنی یەکلایی دەبێتەوە، بەڵام هەرگیز لە دەسپێکی هیچ پەیڤێک نایێ. باشتروایە بەم شێوانە (ۊ) یا (ۋ)، (ۏ) یەکلایی بکرێتەوە.

**چوار**: بکەر (کارا) پێش کار دێ، بەڵام مەرج نیە لەهەموو رستەیەکدا هەر لە پلەی یەکەمدا بێ. بۆ نموونە: دەمژمێر شەشی تەواو شەڕ دەستی پێکرد. بەیانی زوو هەمووتان لەخەو هەڵدەستێنم ( بەیانی زوو، من هەمووتان لەخەو هەڵدەستێنم.

**پێنج**: پیتی 'ق' لە مێژینەدا هەبووە، تەنانەت هەندێکجار لەگەڵ پیتی 'غ' تێکەڵاو بووە، ئەمەش وایکردووە کە لە زمانی فارسیدا پیتی 'ق' بنووسرێ و بە 'غ' گۆ بکرێ. هەڵبەت وێنەی پیتی 'ق' لە ئابێی دێرینی میزۆپۆتامیادا هەیە.

**شەش**: دوو وشە یان زیاتر ئەگەر پێکەوە واتایێکیان بەخشی، دەکرێ بەیەکەوە بلکێندرێن. جا بە هاوکاری پیت بێ یا بێهاوکاری.

**حەوت**: پاشەکەوت لە وشە لەسەر بنەمای ڕێنووس و ڕێزمان هەڵەیێکی کوشندەیە، واباشترە کە لە وشە هاوواتاکان پاشەکەوت بکرێ، هەروەک پێشووتر ئاماژەم پێداون.

**هەشت**: ئەم ئابێیەی کە نها لە باشوور و ڕۆژهەڵات پێیدەنووسرێ زۆر گونجاوە، تەنیا پیتی 'وو' دڵەڕاوکێی دروست کردووە، دەکرێ بە هێمایەکی تر بگۆڕدرێ. واتە دەکرێ چوکلەی سەربەرەوژێری بۆ دابنرێ، یا لە ژێرەوە چوکلەی هەبێ. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێیداوە.

**نۆ**: پیتی 'و'ی بەستنەوە دەبێ سپەیسی هەبێ، هەرچەندە لە زاراوەی سۆرانی بە 'و'، کەچی لە کرمانجی بە 'ئو' گۆ دەکرێ، بۆیە دەبێ بەتەنیا بنووسرێ و بە

وشەی دیکە نەلکێندرێ، بەڵام لەو وشانەی کە کۆتاییان بە پیتەکانی (ا، د، ر، ڕ، ز، ژ، ۆ، ە) هاتووە، واتە لەگەڵ ئەو پیتانەی کە پشتی پیتی دیکە ناگرن، هێندە کێشـەنیە ئەگەر بـێ سـپەیس بنووسـرێ، چـونکە واتـای پەیـڤەکە نـاگۆڕێ و ناشیرینی ناکا.

**دە:** ئەوەی دەیەوێ بنـاغەی ڕێزمـان و ڕێنـووس مـوکم بکـا، گەرەکە شـارەزایی لەهەمـوو زاراوەکانـدا بەتـایبەتی لەهەردوو زاراوەی سـۆرانی و کرمـانجی دا هەبێ.

**یازدە:** هەبوونی پیتی زۆر زەنگینی زمان خۆیا دەکا. بەهـۆی نەبوونی پیتەکانی 'پ،ژ،گ،ۆ،ێ' کێشـەی زۆر بـۆ عەرەبزمانـان دروسـت بـووە. هەربـۆیەش میسـریەکان و جەزائیریەکـان بەهێواشـی چاوچاوانێیـان لەگەڵـدا دەکەن و بە خشکەیی دەکاریان دەهێن و دەیاننووسن.

**دوازدە:** ژێروبـۆر یـان چـوکلەی سـەروژێر ڕێنـووس ناشـیرین ناکـا، بەڵکـو هەربۆخۆی ئاسانکاریە، لەجیاتی پیتێکی دیکە دابڕێژرێ، بە چوکلەیێک، بە خاڵێک دەکرێ بە جمک (دووانە، سیانە). دانانی خاڵ و چوکلە لەزۆربەی زمانەکاندا هەن و بایەخیان پێدەدرێ. لەزمانی سویدیدا پیتەکانی (ا، ۆ) جمکیان لێدروست کراوە وەک:

Å, Ä, Ö

هەروەها لە ڕێنووسی بۆسنی دا ئەم پیتانە جمکدارن

C, Č, Ć

S, Š

Z, Ž

D, Đ

بێگومان لە دەیان زمانی دیکەش هەر ئەوە پێڕۆکراوە.

**سێزە:** ناو دەبێ وەکخۆی گۆ بکرێ. 'عەرەب'ە و نابێ بنووسرێ ئەرەب. کاتی خـۆی کە عەرەب هـاتن، چـونکە نەیانـدەتوانی پیتـی 'گ' گـۆبکەن، ئێمەیـان لە

'گورد'ەوە بۆ 'جرد و قرد' گۆڕی، خۆشبەختانە 'جرد و قرد' لە زمانی عەرەبی واتای دیکەیان هەیە و  کریێت بوون، ناچار کردیان بە 'کرد'کورد، أکراد 'ئەکراد' ئیدی پێمانەوە نووساوەو لێنابێتەوە. باشە ئەگەر عەرەب لەجیاتی گورد هەر بیگوتایە جرد یا قرد ئایە ئێمە چیمان پێدەکرا؟ هەرچەندە کە زۆریش ناحەزو کریێت و بێزراوە. بۆیە من پێموایە کە پیتەکانی 'ح ، ع' ئەگەر پێشتر بوونیشیان نەبووبێ، نها هەن و گۆکردنیان بۆ کورد سەخت و دژوار نییە.

زمانێک کەنەتوانێ پیتێک یا پەیڤێک گۆ بکا، لاوازی و کەمتوانایی خۆی دەردەخا. لەم بوارەدا زمانی کوردی باڵادەستە، بۆیە زۆر بەئاسانی هەموو پیتەکان و پەیڤەکان گۆ دەکا. نابێ لەژێر پاساوی ناڕاست و بێبنەمادا ئەو باڵادەستیەی بەرەو لاوازی ببەین.

لەدیماهیدا سپاس و ریزی زۆرم بۆ مامۆستا کامیل ژیر دووپات دەکەمەوە کە ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساندم تا بە تیژڕەوی سەیرێکی ئەم بابەتە بکەم، ئەم نووسینە بەرهەڤ بکەم و ئەو ڕاستیە بخەمە بەرچاوان کە زمان بەدروستنووسین و ڕاستنووسین پێشدەکەوێ نەک بە کورتنووسین.